# كاتێ سەری دەستور و دەسەڵاتی یەكیتی وپارتی كێشای بە راستیەكانی بیكەر دا

**ئاسۆ كمال**
ASOKAMAL@YAHOO.COM

راپۆرتەكەی بیكەر–هاملتون بوە مایەی نارەزایەتیەكی ڕەوا لەكوردستاندا. بارزانی و تالەبانیش وەك ئەمریكا ژەهری بۆ كردبنە پیكیانەوە تووشی هاوار وپەلەقاژەكردن بوون و مەسەلەی دەستوری كوردستانیان هەلگرت و لە بەغداد بەدوای ڕێگای دەربازبون لەم كابوسەدا دەگەڕێن.بەڵام هێشتا خەلكی كوردستان پەیان بە ڕاستی پشتی ئەم ڕاپۆرتە نەبردووە . یەكێتی وپارتیش هەوڵی ئەوەدەدەن كە ئەو دووربینەی بیكەر داویەتیە دەست خەڵكی تا راستیەكانی ئایندەی سیاسەتی ئەمریكا لەپێش چاوو نزیك بخاتەوە ،بە شتیكی نەفرەت لیكراو و ژەهراوی لەقەلەم بدات و بەم شێوەیە وەك 15 ساڵی رابردوو خەلك بەفریوی "دۆستی یەكەمی ئەمریكا كوردە لەناوچەكەدا" خەلك كوێركەن لەئاست ئەو راستیانەدا.

رەخنە ونارەزایەتی خەلكی كوردستان تەنها ڕوو لە راپۆرتیكی بیكەر –هاملتون نیە كە بۆچی فیدرالی لادەبا و كەركوك دەداتە دەست دەولەتانی ناوچەكە و سەركردەكانی بەعس دەكاتەوە بەشەریكە دەسەلات و ریگە بۆ دیكتاتۆریەت و دروستكردنەوەی دەولەتی مەركەزی سەركوتگەر و كۆنترۆلی داهاتی نەوت دەدات؟ بەلكو دەبێت رەخنە و نارەزایەتی بەرامبەر بەسەرجەم سیاسەتەكانی ئەمریكا و پاشكۆیەتی یەكیتی و پارتی بۆی بێت كە بۆچی دوای 15 ساڵ لە چاوەروانی و دوای 3 سال لەروخانی بەعس چارەنوسی كوردستانیان لەم ئایندە ڕەش و تاریكە نزیك خستۆتەوە. ئەم نارەزایەتیانە بەفشار هینان بۆ بوش و ئیدارەكەی بۆ چاكردن و راستكردنەوەی راپۆرتەكەی بیكەر –هاملتون و راپۆرتەكانی دواتری وەزارەتی دەرەوە و پنتاگون و CIAئەنجامێكی نابێ. سەرخەتی سیاسەتی ئەمریكا لە عیراقدا بریتیيە لە سازان لەگەڵ ئیسلامی سیاسی شیعە و سونە و بەعسیەكان و دەولەتانی ئیران و توركیا و سوریا و دەولەتانی عەرەبی و قوربانیكردنی وەزعی دیفاكتۆی كوردستان و پاشكۆكردن و خستنەوەژێركیفی ئەو دەسەلات و دەولەتانە بریاری لەپێشەوە دراوی ئەم سیاسەتەیە و راپۆرتەكەی بیكەر –هاملتون تەنها پێش وەخت و بەڕاشكاوی ئەم سیاسەتەی خستۆتە پێش چاوو.

بارزانی و تالەبانی نارازی نین بە سەرجەمی ئەم سیاسەتەی ئەمریكا كە كوردستانی لەپاشكۆیەتی وەزعی عیراق و سازانی ئەمریكا و نەیارەكانیدا راگرتوە بەلكو نارەزایەتی ئەوان بە كەمكردنەوەی دەور و بەشە دەسەڵاتیانە لەم یاری كردنە بەچارەنوسی كوردستانەوە.ئەوان بەم سیاسەتەی ئەمریكا رازین و وەكو كارتی فشاری ئەمریكا یاری دەكەن بەلام ئامادەنین ئەنجامەكەی قبولّ بكەن.ئەمریكاش بۆ دەربابونی خۆی لەم شكستە لە عیراقدا دۆستایەتیەكەیانی خستۆتە كۆتایی لیستەكەیەوە ئەگەر خانەنشینی نەكردبێتن.لەكۆتایدا لەم سەرانە جگە لەهاتوهاواری خیانەتكردنی ئەم جارەی ئەمریكاش چاوەروانی بیستنی شتیكی تر مەبن.

ئەو دەرسەی خەلكی كوردستان دەبێت لە راپۆرتەكەی بیكەر – هاملتونی وەرگرن ئەوەیە كە سیاسەتی پاشكۆیەتی بۆ عیراق هەرچۆن براژیندریتەوە بەناوی فیدرالی و چارەسەری كێشەی كەركوك و نەوت بەپیٚی دەستوری عیراقی و هتد..ئەنجامەكەی قوربانیكردنەوەی ماف و چارەنوسی خەلكی كوردستانە.ئەمە ڕێگایەكە كە سیاسەتی ئەمریكا بۆ دیاریكردنی چارەنوسی كوردستانی داناوە و یەكێتی و پارتیش پەیرەوی دەكەن و تا ئێستا نانی لیٚدەخۆن.هەربۆیە ڕێگای نارەزایەتی دەربرین بەم سیاسەتەی ئەمریكا و راپۆرتەكانی گرتنە بەری رێگای بەرپاكردنی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی كوردستانە و ئەمە دەبێت شیعار و دروشمی نارەزایەتیەكانی ئێستای خەلكی كوردستان و بەرنامەی لایەنە سیاسی و

جەماوەریەکانی بێت. ئیمە بانگەوازی خەلکی کوردستان دەکەین بۆ کۆبونەوە لەدەوری ئەم شیعارە و کارکردن بۆ جێبەجێکردنی.